## حەزرەتی یوسف دێتە کوردستان

-روداو-



# ڕەبتی تیانییە

کارمەندێکی کۆمیسیۆن: بەحساب مانمان گرت وتمان قبوڵ ناکەین بە دوو مانگ جارێك مەعاشمان بەنێ کەچی کردیان بە سێ مانگ جارێك

چاودێری: منیش بینیم راست ئەکەی. سنووقی دەنگدانەکە پڕ بوو لە تەزبیحو هەوێی ئەحوال مەدەنی

+++

ست پەخشان: بەخوا شانسێکی قۆڕم هەیە کچینە. ئەیەڕۆ ئەمکەن بە مودیرەی هەر مەکتەبێك پاش دوو رۆژ فلق ناوەکەی ئەگۆڕن

نەشمیل خان: بەخودا ئێمەش چ عەیبمان نەبوو. لۆ تەصویری ئەوهایان لێ کردین.

+++

شوانەی رەقابە: بە ناخێری گیانم چووم بۆ ماڵی کاك هین بزانم بە چ حەقێك سەعاتی کارەبا نابەستن کەچی شلکوتی عەمریان کردمو سەگی دنیاشیان تێ بەردام

لادێی: قوربان گیان دێکەی ئێمە خراپترە. وەعدی هەزار مەشروعیان پێداوینو چاومان بە هیچیش نەکەوتووە.

+++

خوشکە وانێك: ئەو چەتیوە عەمر نەماوانە بەغیلیم پێ ئەبەن. ئەڵێن لە پەیوەندییەکانیش تەعین بووەو خۆشی لە ئەسڵا گۆڕانە

مەغدیدی شێخەللا: حاڵی نابن بەخوا.. تیایانا کولو کافر بووم کەچی ئەو پۆلیسە زاڵمانە ریشۆڵەکانیان هەر لێ سەندم

+++

ئەم: چووم بۆ تەعینات کەچی ئەڵێن مەوالیدەکەش شمولی تەعینات ناکات. توخوا ئەوە حاڵە؟!

ئەو: نەوەللا حاڵی چی. جەماعەت هەموو جارێك بە **SMS**ێك دوو حەفتە لێ ئەدەن.

# فەرق لە مەعبێن

## نووسەر

1- ئەغڵەبی نووسەرەکان بەسکێك تێر و بەدووان برسین
2- تەنگە  قەویش بیت موشکیلە نیە
3- حەزیان لە ئۆزۆی حەوتە
4- لە هەڵبژاردن و بۆنە سیاسیەکانا خوا خوایانە دەمی داخات
5- لەپیری یا قەدری زیادئەبێ
6- هەروڵاتێك خوا غەزەبی لێ بگرێ نووسەری زۆری ئەیاتێ
7- ئێستاکە نووسەری غەربی مۆدەیەتی
8- کە چووە عومرەوە ئەبێ بەرەخنەگر
9- لەقەبەکانیان خەم و خەفەت و مەراقیان لێ ئەچۆڕێ
10- هەرچی یەکی لێ بکەیت کەس لەسەری هەڵ ناداتێ
11- کولی سەرفەرعێك چوار نووسەری بەر ئەکەوێ
12- نووسەری سەرکەوتووئەوەیە کە بتوانێ مەوزوعەکە بشارێتەوە

## راقیصە

1- موعەدەل نانیان لە رۆنایە
2- مەفروزە ناوقەد باریك بێت
3- یەك پێك شەمپانیا ئەویش لەبەر دڵی تۆ
4-لە هەڵبژاردن وبۆنە سیاسەکانا ناکەونە سەر عەرز
5-هەتا گەنج بێ مەرغوبترە
6-ئەگەر خوا بتداتێ نیعمەتێکی چاکە بۆ گەشتو گوزار
7- هیچ رەقصێك ناگات بە رەقصی شەرقی
8- کەچوو عومرەوە لە مەلهاکان گۆرانی ئەڵێ
9- لەقەبەکانیان زەوقی پیاو هەلئەسێنێ
10-ئەنواع و ئەشکاڵ سکرتێر و حیمایە  وبۆدی گاردی هەیە
11- هەموو کوردستان زەحمەتە راقیصەیەکی تیابێت
12-راقیصەی بلیمەت ئەوەیە مەوزوعەکە بەجوانی دەرخات